| | | |
|---|---|---|
| **هەرێمی کوردستان- عێراق**<br>**ئەنجوومەنی وەزیران**<br>**وەزارەتی ناوخۆ**<br>**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**<br>**بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری** | Kurdistan Regional - IRAQ<br>Council of Ministers<br>Ministry of interior | **إقليم كوردستان- العراق**<br>**مجلس الوزراء**<br>**وزارة الداخلية**<br>**المديرية العامة للديوان**<br>**مديرية الضمان النوعي** |

ژمارە : ٤٩٧٥٢
ڕێکەوت : ٢٠١٢/١٠/٢٨ ٢٧١٢ کوردی

٢٠١٢/١١/٤٧

## بۆ/ نوسینگەی کۆچ و کۆچبەران

ئاماژە بە نوسراوتان ژمارە (١٥٥٧) لە (٢٠١٢/٩/١٠) پاش دیراسەت کردنی پەیرەوی کاری نوسینگەکەتان لاریمان نیە و لامان پەسەندە کاری پێویست ئەنجام بدەن .

**لە گەڵ ڕێزدا...**

__هاوپێچ:-__

- پەیرەوی کاری نوسینگەی کۆچ و کۆچبەران .

کریم سنجاری

**وەزیری ناوخۆ**

__وێنەیەك بۆ :__

- نوسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر .
- بەڕێزان بریکاری وەزارەت .
- بەڕێزان ڕاوێژکارانی جەنابی وەزیر .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەت .
- خولاو .

## پەیرەو پرۆگرامی کاری نوسینگەی کۆچ وکۆچ بەران/وەزارەتی ناوخۆ

لە ژێر رۆشەنایی بەرگەی (7) ی ماددەی (2) ی بەرگەی (21) ی ماددەی (3) ی یاسای ژمارە (6) ی سالی(2009) ی وەزارەتی ناوخۆ ئامانج و ئەرکەکانی نوسینگەی کۆچ وکۆچ بەران بەم شیوەی خوارەوە دیاری دەکەین.

1. بەشی یەکەم: پیک هاتە و ئەرك و ئامانجەکانی نوسینگە
2. بەشی دوەم: پیناسەکان
3. بەشی سی یەم: شیوازی تۆمار کردن
4. بەشی چوارەم: ری نەمایی یەکان بە گشتی
5. بەشیپینجەم: بنەما گشتی یەکان
6. بەشی شەشەم: خزمەت گوزاری یەکان

- بەشی یەکەم

پیك هاتە و ئامانج و ئەرکەکانی نوسینگەی کۆچ و کۆچبەران

➢ پیك هاتەکانی

بە پیی برگەی (21) ی ماددەی (3) ی یاسای ژمارە (6) ی سالی(2009) ی وەزارەتی ناوخۆ نوسینگەی کۆچ و کۆچ بەران راستەو خۆ بە وەزیرەوە دەبەستری و وە بەریوەبەرایەتیەکانی کۆچ و کۆچ بەران لە پاریزگاکانی هەریم پیوە دەبەستریت. کە هەیکەلی تەنزیمی هاوپیچی ئەم پەیرەوەیە.

➢ ئامانج و ئەرکەکانی

بە پیی برگەی (7) ی ماددەی (2) ی یاسای ژمارە (6) ی سالی(2009) ی وەزارەتی ناوخۆ ,نوسینگەی کۆچ و کۆچ بەران هەلدەستی بە چاودیری کردنی ئاوارە و کۆچبەران و پەنابەران وە کوشش دەکات لە پیناوی چاککردنی بارودوخی یان وە پیشکەش کردنی چارەسەر وە فەراهەم کردنی خزمەت گوزاری وە هەماهەنگی کردن لەگەل وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بارەیەوە کە بەم شیوەی خوارەوە پیناسەیان دەکەین.

- بەشی دووەم :

## پیناسەکان

- تویژی یەکەم:( ئاوارە گەراوەکان )

ئەو کەسانەی کە دوایی پیلانی شومی جەزائیر لە (6)مارسی (1975) وولاتی عیراقی یان بەرەو هەندەران بە جی هشتوە وە دوایی راپەرینی (5) ی ئاداری (1991) گەرانەتەوە یان دەگەرینەوە کوردستان.

تیبینی :

ئەم پیناسەیە ئەو کەسانەش دەگریتەوە کە دوایی ئاوەرەبونیان داوای مافی پەنابەری سیاسیان لە ولاتی میواندارکردوە یان ئیقامەی هەمیشەیی یان رەگەزنامەی ولاتی میواندرایان وەرگرتوە.

### مەرجەکانی تومار کردن

1. سەلماندن و دیار کردنی بەرواری ئاوارە بون و گەرانەوە بە پیی بەلگە نامەکان.
2. سەلماندن و دیار کردنی هۆی ئاوارە بونی کە سیاسی-نەتەوەیی-مەزهەبی و زۆری بوە بە پیی بەلگە نامەکان.
3. پیویستە ماوەی ئاوارەبونی گەراوەکە بەکەممی لە سالیک زیاتربیت وە ئەم ماوە ئاوارەبونەش پیش بەرواری (1991/3/5) بیت.

- تویژی دووەم: راگویزراوان (مرحلین)

راگویزراوان (مرحلین)ئەو عیراقی یانەن کە لە ئەنجامی سیاسەت و بریارەکانی رژیمی پیشوی عیراق لە شوینی ئەصلی یان نیشتەجیبونی خۆی لە ناو خاکی عیراق بۆ شوینیکی تر گویزرابنەوە .

### مەرجەکانی تومار کردن

1- پیویست کەسی راگویزراو بسەلمینیت کە راگویزرانەکەی لە ئەنجامی بریارەکانی رژیمەکانی پیشوو بوە وە کاتەکەی دەکەویتە نیوان بەرواری (1968/7/17 تا 2003/4/9).

2- دەبێت ئەوە پشت ڕاست بکرێتەوە کە ڕاگواستنەکە لە لایەن ڕژێمەوە بە مەبەستی پاکتاوی نەژادی یان بۆ گورینی باری دیموگرافی یان بۆ مەبەستی سیاسی و بەرژەوەندی خۆی بەکارهیناوە.

3- کەسی ڕاگویزراو پیویستە بەلگە نامە و بریارەکانی ڕاگواستن وە هۆیەکانی بە پیی توماری فەرمانگەکانی باری شارستانی پشت ڕاست بکاتەوە.

تیبینی:

کەسانیک کە بە ئارەزوی خۆیان یان لە ئەنجامی بەرفراوان بونی شارەکان وە جی بەجی کردنی پرۆژەکان شوینی ئەصلی خۆیان بە جی هیشتوە وە قەرەبو کرانەتەوە ئەم تومار کردنە نایان گریتەوە.

- تویژی سی یەم: کوچ پیکراوە گەراوەکان(المهجرون العائدون)

کەسی کوچ پیکراو ئەو کەسەیە کە لە لایەن رژیمی پیشوی عیراق بە پیی بریاری ژمارە (666 ی سالی1980)رەگەزنامەیان لی سەندرایتەوە ,وە بۆ دەرەوەی وولات کۆچی یان پیکردوە ,بونمونە (کوردە فەیلی یەکان)

مەرجەکانی تومار کردن

1. پیویستە کەسی کوچ پیکراو پیش ئاوارەبونی هەلگری رەگەزنامەی عیراقی بوبیت.
2. سەرەتای کۆچپیکردنەکەی بۆ ئیران بوبیت.
3. نیشتەجیی دەرەوەی عیراق بوبیت تا پیش بەرواری(2003/4/9).
4. پیویستە ناوی تومار کرا بوو بیت لە بانکی زانیاری کۆچپیکراوانی بەریوەبەرایەتی کاروباری رەگەزنامە گشتی, یان بە هۆی کۆچپیکردنەکەی توماری ناسنامەی باری شارستانی سرکرابیت یان راگیرابیت یان مولك وسامانی دەستی بەسەردا گیرابیت .
5. ئەو چین و تویژانەی کە بە بریاری لی بوردن گەرانەتەوە نیشتمان هەلاویرد دەکرین وە ئەم تومار کردنە نایانگریتەوە.

- تویژی چوارەم: ئاوارە(نازح)

کەسی نازح ئەو کەسەیە کە ناچار کراوە یان زۆری لی کراوە بۆ بە جی هیشتنی شوینی نیشتەجیبونی لە ناو عیراق بۆ خۆپاراستن لە شەرو پیکدادان یان لەبەر پیشل کردنی مافی مرۆڤ یان لە ئەنجامی کارەساتیکی سروشتی یان لە ئەنجامی کرداری مرۆڤ یان لە بەر ترس و توندو تیژی دەسەلات یان لەبەر بەرفراوان بونی شارستانیەت .

مەرجەکانی تومارکردن

1. ئەو شوینەی کەسی عیراقی لیی ئاوارەبوە پیویستە ئەو شوینە ، شوینی نیشتەجیبون یان شوینی هەمیشەیی پیشوی نازح بیت.
2. ئاوارەبونەکەی بە هۆی یەکیک لەو هۆکارانە بیت کە یاسا دیاری کردوە.
3. لە شوینیکی تر نیشتەجیبوبیت غەیر لەو شوینەی کە لیی ئاوارەبوە.
4. هەبونی ریگیری یاسایی بۆ گەرانەوە تەنیا بۆ سەرژمیری نەبیت.

تیبینی /ئاوارەکانی تۆپ بارانەکانی سنور لەم مەرجانە هەلاویر دەکرین.

- تویژی پینجەم:پەناخوازان و پەنابەرانی بیانی لە هەریمی کوردستان

کەسانی پەناخوازان و پەنابەر لە هەریمی کوردستان ئەو کەسە غەیرە عیراقیی یانەن کە خاوەنی رەگەزنامەی بیانین وە لە ئەنجامی شەر و پاکتاوی ئایینی یان نەتەوەیی یان لەبەر هەبونی بیرو باوەری کومەلایەتی دیاری کراو یان لەبەر ئایدولۆژیا و هۆکاریکی سیاسی یان لەبەر نەبونی ئاسایش یان لەترسی پاراستنی ژیان و مال و بیر وباوەری تایبەتی خۆیان پەنایان بۆ عیراق یان هەریمی کوردستانی هیناوە .

مەرجەکانی تومار کردن

1. غەیری عیراقی بیت
2. هەبونی رەزامەندی فەرمانگەی نشینگە بۆ مانەوەی لە هەریمی کوردستان .

- تویژیشەشەم :رەوەندی کوردی لە دەرەوەی ولات

ئەو ئاوارانەی کە هیچ پیناسەیەک لەو پیناسانەی کە لەسەرەوە دیاری کراون هەلناگرن وە لە دەرەوەی وولات نیشتەجین یان ئەو هاو ولاتیانەی کە دوایی راپەرینی سالی (1991) بە هۆی نالەباری ژیان و شەری

ناوخۆیی هەریمی کوردستانیان بە جی هیشتوە وە ئاوارەی دەرەوەی ولات مشمول بە قەرەبو کردنەوە نابن بەلام بۆ ئەوەی زانیاری تەواومان لەسەر چەندایەتی ژمارەی ئەو ئاوارانە و چونیەتی راپەراندنی کارو باری ئیداری یان هەبیت بۆ هاوکاری کردنیان لە ریگەی ریکخراوەکانی پەیوەندیدار و ئەو ولاتانەی کە ئاوارەکان لیی نیشتەجین ناو وە زانیاری ئەو کەسانەی کە بە ئارەزوی خویان دەگەرینەوە هەریمی کوردستان تومار دەکەن.

## مەرجەکانی تومار کردن

1. بە پیی بەلگەنامە ی باوەر پیکراو ئاوارەبون و گەرانەوەکەی بسەلمینیت.
2. ئەگەر لە ((فصل سیاسی یەکان بیت)) پیویستە لەلایەن رژیمی پیشوو هیرشی کرابیتە سەری یان عیراقی بە جی هیشتبیت پیش (1991/3/5).
3. پیویستە فصل سیاسی یەکەی بە بەلگە نامەی فەرمی و باوەر پیکراو بسەلمینیت.

- بەشی سی یەم

## شیوازی تومار کردن

1. پیویستە گشت چین وتویژەکان بۆ ناو تۆمار کردن، خۆی و هاوسەرو و ئەندامانی خیزانی ئامادەبونی خۆیان بە شیوەیەکی فیزیکی بسەلمینن وە سەرەدانی نەزیکترین بنکە و فەرمانگە و بەریوەبەرایەتیەکانی کۆچ وکۆچبەرانی هەریمی کوردستان بکەن وە بە پیی فۆرمی نوسینگەی کۆچ کۆچبەران خۆیان تومار بکەن دۆسیەی بۆ بکریتەوە.
2. تۆمار کردنەکە بە پیی بەلگەنامەکانی پەیوەندیار بە خودی خۆیانەوە دەبیت.
3. دۆسیەی ئامادە کراو بۆ تی روانین ورەزامەندی لەسەر دانی بۆ نوسینگەی کۆچ وکۆچبەران بەرز دەکریتەوە.
4. دوایی دەرچونی بریاری کۆتایی لە نوسینگە بەتومارکردن یان بە لاوەنانی،ئاگاداری بەریوەبەرایەتی دیاری کراو دەکریت بۆ ئەنجامدانی کاری پیویست.

- بەشی چوارەم

## ری نەمایی یەکان بە گشتی

1. ئەرکی فەرمانبەرە لە کاتی تومار کردنی ناوی ئاوارەکان بە پیی ری نەمایی یەکان بریار بدات وبە شیوەیەکی هیمنانە و مەیدانی رەفتار لەگەل هاوولاتیاندا بکات وە لەکاتی پیویست ئەم ری نەمایی یانە بۆ هاولاتی شی بکاتەوە .
2. لەسەر داواکاری خودی کەسی ئاوارە یان ئەندامانی خیزانی دۆسیە دروست دەکریت نەک بریکارەکانی .
3. لە ئەصلدا دۆسیە بۆ سەرۆک خیزانی گەراوە یە ,بەلام دەتوانریت دۆسیە بۆهەر کەسیکی گەراوە کە تەمەنی هەژدە سالی تەواو لەسەر کردبیت بکریتەوە داواکەی.
4. مەبەست لە کردنەوەی دۆسیە تەنیا بۆ پشت راست کردنەوەی هۆی ئاوارەبونە ,پیدانی ئمتیاز و ماف بە پیی ریىنەمایی یەکان و بریارەکانی وەزارەتی ناوخۆ دەبیت.
5. لە لایەن فەرمانبەرەکانی بنکەکان و بەریوەبەرایەتی یەکان دوسیە بۆ گەراوەکان ئامادە دەکریت وە بە پیی بەلگەنامەکان ریک دەخریت .
6. بۆ دلنیا بون لە راستی و دروستی دۆسیەکە پیویستە دۆسیەکە وەک خۆی بۆ نوسینگەی کۆچ و کۆچبەران بەرز بکریتەوە دوایی پەسەند یان بەلاوەنان بە نوسراو ئاگاداری بەریوەبەرایەتیەکان دەکریت بۆ ئەنجامدانی کاری پیویست وە لە کاتی بەلاوەنانی دوسیە ئەگەر بیتو خاوەن دوسیەکە سکالای هەبیت, داواکار دەتوانیت سکالا بکات لە دادگا.
7. هیچ پشت گیری یەک نادریت تەنیا بە داواکاری خاوەنی دۆسیە یان ئەندامانی خیزانی یان ئەو کەسەی کە یاسا ریگەی پیداوە بۆ وەرگرتنی مافەکانی .
8. دۆسیەکان لەسەر بنەمای پیناسە و باری کومەلایەتی و پیشهاتەکانی هەر تویژیک پۆلین دەکرین.
9. پیویستە دوسیەکان وینەدار بن.
10. هەبونی بەلگە نامە و دیکومینتی بیانی (وولاتی میوان) بۆ پشت راست کردنەوەی میژوی ئاوارەبون و گەرانەوە و هۆی ئاوارەبونی پیویستن,لە کاتی هەبونی گومان لەسەر ئەم بەلگەنامانە پیویستیان بە وەرگیران بۆ سەر زمانی کوردی و بەرامبەر کردن هەیە.

11. کەسی گەراوە پێویستە لەسەر راستی و دروستی بەلگەنامەکان و ئەو زانیاری یانەی کە داوەتی بەلین نامەیەکی یاسایی نوسراو بدات. دوایی ئەوەی یاساو ری نەمایی یەکان بۆی رون دەکرینەوە ,ئەگەر زانیاری یەکانی گەراوەکە بە پیچەوانەی یاسا و ری نەمایی یەکان بون ئەوە دۆسیەکە باتل دەکریت ولایەنی سەرپیچی کار دەدریتە دادگا بۆ لی کولینەوە ,ئەگەر بەبریاری دادگا تاوانبار دەرچوو ئەوە گشت ئیمتیازەکانی لیی دەسەندریتەوە.

12. هیچ بەلگە و دیکومینتیکی ئەصلی بیجگە لە وینەیەکی(کوپی) بەرامبەر کراو ناخریتە ناو دۆسیە.

13. دوایی پەسەند کردنی دۆسیەکە ریکاریئیداری بە پیی ری نەمایی کان ئەنجام دەدریت.

14. دۆسیەکان لە بەریوەبەرایەتیەکان بە کراوەیی دەمیننەوە وە لەبەر دەست دا دەبن بۆ هەر بە دواچونیک لە لایەن نوسینگە و وەزارەتەوە .

15. ناوی مستعار یاخود گورینی ناو ( پاش اسبات)کردنی لە دەسەلاتی نوسینگەیە ئەگەر پیش ناویک یان پاش ناویک یان پیتیک یان میژوی لە دایک بونی مندالیک گۆرانی بەسەردا هاتبیت دەتوانریت کارەکانی رایی بکریت ئەویش بە وەرگرتنی بەلین نامەیەکی دەست نوس.

16. ئەگەر زانیاریمان لەسەردۆسیەکی نادروست لە بەریوەبەرایەتیەک پی گەیشت ,پیویستە دۆسیەکە بۆ پیداچونەوە بۆ نوسینگە بەرز بکریتەوە ,ئەگەر دۆسیەکە بە تەزویر دەرچوو ئەوە پیویستە فەرمانبەر و کەسی سەر پیچی کار بدرینە لیژنەی لیکولینەوە بۆ ئەنجامدانی ئیجرائاتی پیویست.

17. دوسیەی دیارکراوی خالی (16) لە ژیر دەستدا دەبیت ,تا ئەو کاتەی خاوەن دۆسیەکە بەلگەنامەی راست و دروست ئاراستە دەکات ,ئەگەر هاتوو نەیتوانی لەکاتی دیار کراو بەیگەنامەکانی پیویست ئامادە بکات ئەوە دۆسیەکە بە باتل هەژمار دەکریت.

18. ئەگەر کەسی گەراوە ناوی تۆمار نەکرابیت بۆ گەرانەوە پیش بەرواری (1991/3/5)بۆ کوردستان وە پیش بەرواری (2003/7/1) بۆ عیراق ئەوە ئیعتماد دەکریتە سەر تۆمارەکانی وولاتانی میوان و کەسی ئاوارە بە نەگەراوە هەژمار دەکریت.

19. میژوی یەکەمین بەلگەنامەی پەنابەری لە ولاتی میوان بە میژوی ئاوارەبونی هەژمار دەکریت بە مەرجی دوایی ئەو میژوە هاتوچۆی عیراقی نەکردبیت بە فەرمی یان بە عەفو نەگەرابیتەوە .

20. ئاوارەی گەراوە دەتوانیت بە پسولەی پەرینەوەی وولاتی میوان بگەریتەوە وولات .

21. گەرانەوەی ئاوارەکانی دەرەوەی وولات بۆ هەریمی کوردستان لەدوایی ئازاد بونی هیچ خللەلیک لەسەر ئاوارەبونی دروست ناکات وە ئاوارە بونەکەی بە بەردەوام هەژمار دەکریت ئەگەر بیتوو کەسی گەراوە بە ئەصل یان شوینی نیشتەجیبوی پیشوی پاریزگاکانی تری عیراق بیت.

22. پسولەی پەرینەوە لە سنور بە تەنیایی کوتایی بە ژیانی ئاوارەبون ناهینیت بەلکە پیویست بەلگەنامەکانی تر دەکات بۆ تۆمار کردن.

23. ئەو کەسە ئاوارانەی لە فەرمانگەکانی عیراق و هەریمی کوردستان لە دەرەوەی وولات کار دەکەن یان بە شیوەیەک لە شیوەکان هەلدەستن بە یارمەتی دانی گەراوەکان وە بۆ ئەم مەبەستەش هاتوی چوی ولات دەکەن ئەوە نیشانەی ئەوە نیە کە ناوبراوان کۆتایی یان بە ژیانی ئاوارەیی هیناوە.

24. ئەو کەسانەی لە دەرەوەی ولات لە باوکیکی پەنابەری عیراقی و دایکیکی بیانی لە دایک بونە وە خاوەنی رەگەزنامەی ولاتانی بیانین بە پەنابەر هەژمار دەکرین.

25. مانەوەی ئاوارە گەراوەکانی پاریزگاکانی تری عیراق لە هەریمی کوردستان غەیر لە دانیشتوانانی هەریمی کوردستان ماوەی ئاوارەیی یان تا (2003/4/9)بۆیان هەژمار دەکریت.

26. سەلماندنی هۆی ئاوارەبونی کە سیاسی یان نەتەوەیی یان بە زۆرە ملی بوە پیویستی یەکی یاسایی یە بە پیی بەلگەنامە و ری نەمایی یەکان.

27. ئەو کەسانەی کە ئاوارەی ولاتی ئیران و تورکیا بونە پەراویز دەخرین لە پیدانی بەلگەنامە لەسەر بە زورە ملی ئاوارەبونیان چونکە ئەوانە بەشداری لە شۆرشەکانی کوردستان و راپەریندا کردوە بیجگە لەو حالەتە دیارانەی کە ئیشارەمان پی کردون لە خالەکانی سەرەوەدا.

28. پشت گیری سەفارەتەکانی عیراق ونینەرایەتی هەریمی کوردستان لە دەرەوەی ولات بۆ ئەو ئاوارانەی کە دانیشتوی سنوری ئەوانن بە باوەر پیکراو هەژمار دەکریت ئەگەر بیتو بەلگەنامەی سەلمینراوی هەبیت بۆ ئاوەرەبونەکەی بە زورە ملی.

29. لە وانەیە کەسی ئاوارە دوو یان سی پیناسە هەلبگریت وەک دەرکراو بیت لە هەمان کاتدا ئاوارەی گەراوە یان راگویزراو بیت.

30. دۆسیەی ئاوارە گەراوەکانی مردوو ئەرشیف دەکرین چونکە هەبونی ئەم دۆسیانە پیوستن بۆ پیدانی رەگەزی عیراقی یان ئیمتیاز و مافەکانی ئاوارەیی بۆ بە جی ماوەکانیان.

31. پیویستە زانیاری گشت چین وتویژەکان بە شیوەیەکی‌ئەکادیمی و ئەلکترونیکی تومار وە ئەرشیف بکرین.

32. هەبونی بەلگەنامەی فەرمی وولاتی میوان لەسەر پیدانی مافی پەنابەری سیاسی نیشانەی ئاوارەبونی بە زورە ملی یە بەلام پەنابەری مرۆیی وە غیرە پیویستی بە سەلماندنە وە میژوی دەرچونی پسولەی کومیسارپای بالای پەنابەران نیشانگەری سەلماندنی بەرواری ئاوارەبونەکەیە لە دەرەوەی ولات.

33. ئەگەر کەسی ئاوارە سەلماندی کە ئاوارە بونەکەی بە هوی بەشداری کردن بە راپەرینەوە بوە ئەوە میژوی دەستپیکردنی راپەرینەکە میژوی ئاوارەبونەکەیەتی .

34. ئەگەر کاروباری ئاوارەیەک یان بەشیکی لە کارەکانی پەیوەندی بە وەزارەتی کۆچ و کۆچ بەرانی عیراقی فیدرالەوە هەبیت ئەوە بە هەماهەنگی لەگەل نوینەرایەتی ئەم وەزارەتە هەلدەستین بە چارەسەر کردنی گرفتەکانی بە پیی ری نەمایی و یاساکانی دەرچوو.

35. ئەگەر هیچ بەلگە نامە و پشتگیری یەکی کەسایەتی و حکومەتی ئیستا لەبەر دەستدا نەبوو بۆ سەلماندنی ئاوارەیی بە زورە ملی ئەوە داواکاری ناوبراو بۆ وەزارەت بەرز دەکریتەوە وە بریاری وەزیر بە یەکلاکەروە هەژمار دەکریت.

چەند خالیکی گرنگ کە پیویستن رەچاو بکرین

1- ئەسیرانی شەری عیراق و ئیران بە ئاوارە هەژمار ناکریت ,مەگەر دوایی ئازاد بونی پەنا بۆ وولاتی تری بردبیت و رۆژی ئازاد بونی بە رۆژی ئاوارەیی دادەنریت.

2- زیندانی کراو بە ئاوارە هەژمار ناکریت مەگەر زیندانی کردنەکەی دوایی ئاوەرەبونەکەی بیت بۆ ولاتی میواندار .

3- هەرکسیک دوایی ئاوارە بونی بۆ ئیران پەنای بردبیتە بەر وولاتی سی یەم بە ئاوارەی گەراوەی ئیران هەژمار ناکریت.

4- هەر کەسیک لە عیراق چوبیتە دەرەوە بۆ کار کردن-خویندن-بازرگانی کردن-گەشتوگوزار-چارەسەرکردنی نەخوشی-وەفد-بیناسازی -زەمالەی خویندن-شیوازەکانی تر لەم بابەتانە بە ئاوارە هەژمار ناکرین مەگەر بە بەلگەنامە و بەلگەنامەی باوەر پیکراو هۆی ئاوارەبونەکەی بسەلمینیت کە سیاسی یان بە زۆرە ملی بوە.

5- هەر کەسیک لەبەر دوژمنداری خیلەکی یان ئەنجامدانی تاوانیک وەک ادزی-کوشتن-رفاندن — ترۆر —وە نمونەکانی تر لەم شیوەیە ئاوارە بوبیت بە ئاوارە هەژمار ناکریت.

6- هەر کەسیک کە هۆی ئاوارەبونی دیار و شەفاف نەبیت یان دوایی سالی (1991) ئاوارە بوبیت یان بە عفو گەرابیتەوە کوردستان بە ئاوارەی گەراوە هەژمار ناکریت.

7- ئەو بیانیانەی کە رەگەزنامەی بیانیی یان هەییە و ژیانی هاوسەریان لەگەل پەنابەرە عیراقی یەکاندا لە دەرەوەی ولات پیک هیناوە وەک کەسیکی بیانی رەفتاری لەگەلدا دەکریت وبە پەنابەر هەژمار ناکرین

8- ئەو کەسانەی لە دەرەوەی ولات لە دایکیکی پەنابەری عیراقی و باوکیکی بیانی لە دایک بونە وە خاوەن رەگەزنامەی ولاتی بیانین جگە لە دایکی یان بە پەنابەر هەژمار ناکرین مەگەر بە رەزامەندی وەزیری ناوخۆ.

9- ئەگەر کەسیک لە دەرەوەی ولات لە پیش سالی (1991/3/5) لە فەرمانگەکانی پەیوەندیدار بە کاروباری سیاسی و دیبلوماسی دامەزرابیت وەک نوینەرایەتی هەریمی کوردستان وسەفارەتەکان و غیرە تاکو بەلگەینامەی نوسراو ئاراستە نەکات لەسەر ئاوارە بونی بە زورە ملی بە ئاوارە هەژمار ناکریت.

10- ئەو کەسەی کە بە ریگەی سەفارەتەکانەوە یان بە عەفوو گەرابیتەوە ولات نیشانەی ئەوەیە کە ناوبراو بە زورە ملی ئاوارە نەبوە وە بە ئاوارەی گەراوە هەژمار ناکریت.

11- ئەو کەسەی بە بەردەوامی هاتۆ چۆی ولات و دەرەوەی کردوە ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ناوبراو بە زورە ملی ئاوارە نەبوە مەگەر دەلیل و بەلگەنامەیەکی باوەر پیکراوی تری هەبیت بۆ ئەم مەبەستە.

12- ئاوەرەبونی کەسانیک کە دوایی راپەرینی (1991/3/5) وە دروست بونی حکومەتی هەریمی کوردستان ئاوارەی دەرەوەی ولات بونە بە ئاوارەی زورە ملی هەژمار ناکرین بیجگە لەو کەسانەی کە شوینی ئەصلی یان نیشتەجی بونیان لە دەرەوەی سنوری هەریمی کوردستان بیت.

13- ئەو کەسانەی کە نەتوانن بسەلمینین ئاوارەبونیان بە زۆری یان بە هۆی سیاسی و نەتەوەیی ومەزهەبی بوە بە ئاوارە هەژمار ناکرین مەگەر لە لایەن لیژنەی پەیوەندیدار و پشتگیری پارتە

سیاسی یەکان و کەسایەتی سیاسی و ئەنجومەنی پاریزگاکان و شارەوانیەکان هەلسەنگاندنیان بۆ بکریت یان بە نوسراوی فەرمی کۆچی بە زۆرە ملی یان پشت راست بکەنەوە.

ری نەمایی تایبەت بە نازحەکان

1. کوتایی بە ژیانی ئاوارەیی کەسی نازح دیت کاتی کە بگەریتەوە شوینی پیشوی خۆی وە دوبارە لیی دابمەزریتەوە.
2. هاتو چو کردن و گواستنەوەی مالی نازح لە شاریکی عیراقی بۆ شاریکی ترکە شوینی نزوحەکە نیە یان لە عیراق بۆ دەرەوەی وولات یان لە دەرەوە بۆ ناوەوەی عیراق هیچ کیشەیەک لەسەر نزوحبونوکەی دروست ناکات.
3. میژوی نزوح بونەکەی نازح پیویستە پاش روخانی رژیمی پیشوو بیت دوایی سەلماندنی بەروار و ماوەی ئاوارەبونەکەی لەگەل دیار کردنی ئەو شوینەی کە لیی ئاوارە ونیشتە جی بوە .
4. بۆ کەسی نازح ماوەی ئاوارەبونەکە گرفت نیە.
5. ئاوارەبونی نازح بۆ کوردستان بە ئاوارەبونی ناوخۆیی هەژمار دەکریت.
6. ئەگەر دوایی ئاوارە بونی نازح بۆ کوردستان بەرەو هەندەران ئاوارەبوو ئەوە ئاوارەبونەکە بەردەوامی هەیە.
7. لە کاتی نەمانی ریگری بۆ گەرالنەوەی نازح بۆ شوینی اصلی خۆی,ئاوارەبونەکەی نازح هیچ مانایەکی نامینیت وە کوتایی پی دیت.
8. ئاوارە و زیان پیکەوتوان و جوتیاران و مەرداران و باغداران و کاسبکارانی هەریمی کوردستان بە هۆی تۆپ بارانەکانی سنوری هەریمی کوردستان لە لایەن وولاتانی دراوسیوە وەک کەسانی نازح هەژمار دەکرین بۆ قەرەبو کردنەوە بەلام ئەم ری نەمایی یانە نایان گریتەوە.

## بەشی چوارەم

## بنەماگشتی یەکان

1. ئەولیەت (پیشخستن): هیچ پیشخستنیک نەکریت بۆ هیچ کەسیک لە ژیر هیچ فشاریک.
2. ریژە و چونیەتی پارمەتیدان: لەکاتی پیشکەش کردنی پارمەتی یان قەرەبو کردنەوەدا قەبارەی هاوکاری یەکان یان بری پارمەتی و قەرەبو کردنەوەکان بە پیی کات و زەمان و حالەتی پیشهاتوووە توانایی حکومەت دیاری دەکریت ،هەر قەرەبو کردنەوەیەکیش بە بات هەژمار دەکریت وە مافی دوبارە وەرگرتن بۆ خاوەن دۆسیەکان نامینیت.
3. باری تەنگانە: باری تەنگانە کومەلە حالەتیکن کە لە ناکاو رودەدەن وە گیان و مالی هاو ولاتیان دەکەویتە مەترسی یەوە چ بە هۆی کارەساتیکی سروشتی بیت یان شەرو پیکدادان یان رەفتار و کرداریکی مرۆیی بیت کە لە یاساکە ئیشارەی پی کراوە وە دەتوانریت ئەولیەتی پی بدریت بە مەرجی رەزامەندی وەزیری ناوخۆی لەسەر بیت.

## بەشی پینجەم

## خزمەت گوزاری یەکان

1. خزمەت گوزاری یەکانی ئورژانسی(کورت ماوە)

- ✓ پیشوازی کردن و گواستنەوەی ئاوارەکان لە شوینەکانی مەترسیدار بۆ شوینیکی ئەمن.
- ✓ ئاگادار کردنەوەی ریکخراوە بیانی یەکان و لایەنەکانی تری پەیوەندیدار بە کاروباری ئاوارەکان بۆ ئامادە کردنی کەلو پەلی پیویستی حالەتی تەنگانە لە کاتی پیویست.
- ✓ دانانی ری نەمایی و میکانیزمی تایبەت بۆ هەر حالەتیکی چاوەروان نەکراو.
- ✓ پیکهینانی ژوری عەمەلیات بۆ زال بون بەسەر ئەو کیشە وگرفتانەی کە لە حالەتی تەنگانەدا دینە پیش.
- ✓ تومار کردنی ناو وە پیشکەش کردنی ئاسانکاری بۆ کاروباری ئیداری و پیدانی پشت گیری لە کاتی پیویست.

- ✓ کوشش کردن بۆ نەهێلانی روتینیاتی و زەوابتی تەقلیدی و ئامادە کردنی زەمینەی مساعدی ئیداری کە بگونجێت لەگەل باری ئۆرژانسی.
- ✓ کار کردن لە پیناو بەرز کردنەوەی ورە و مەعنەویاتی ئەم چین و تویژانە بۆ رزگار بونیان لەو مەترسی یانەی کە روبەرویان دەبنەوە .

2. خزمەت گوزاری یەکانی دریژماوە:

- ✓ ئەنجام دانی روپیوی مەیدانی بۆ کۆ کردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو ئاوارانەی کە گەرانەتەوە کوردستان بۆ ئەوەی بخرینە بەرنامەوە بۆ قەرەبو کردنەوە .
- ✓ ئامادە کردنی ئامار و داتابەیس وە زانیاری پیویست سەبارەت بە گشت چین و تویژی ئاوارە بۆ دامەزراندن و هاوکاری کردنیان.
- ✓ کوشش کردن بۆ ئەوەی بە پیی مادەی (132)دەستوری هەمیشەیی عیراقی فیدرال زەرەرو زیانی ئاوارە گەراوەکان لە لایەن حکومەتی عیراقی فیدرالەوە بۆیانە ئیعادە بکریتەوە
- ✓ کوشش کردن بۆ دامەزراندنەوە وە قەرەبو کردنەوەی ئاوارەگەراوەکان وە یارمەتیدانی چین و تویژەکانی تری ئاوارە بە پیی یاسا و ری نەمایی یەکان.
- ✓ دانانی بودجەیەکی پیویست بۆ قەرە بو کردنەوەی ئاوارە گەراوەکان هەروەها دانان و دیار کردنی برە پارەیەک وەک میزانیەی نوسینگە بۆ باری تەنگانە و سود وەرگرتن لە ئەبوابی مناقلە لە کاتی پیویست.

3. خزمەت گوزاری مادی و مەعنەوی

- ✓ دانانی ئالیەتیک بۆ پەرەپیدانی هاوکاری یەکانی مالی و عەینی و مەعنەوی و ئیداری و حیمایەی قانونی بە پیی حالەت و کات و ئەولیە بۆ خاوەن باری پیشهاتوو.
- ✓ دانانی پیوەرو بۆ دیار کردنی نیازمەندی یەکانی بیدایی و سەرەتایی بۆ هەر باریکی نەخوازراو.
- ✓ لەبەرچاو گرتنی ریساکانی مافی مرۆڤ بە پیی پیوەرەکانی ناوە و دەرەوە بۆ هەر باریکی چاوەروان نەکراو
- ✓ لە کاتی رودانی هەر باریکی تەنگانە نو چاوەروان نەکراو ,نوسینگە هەلدەستی بەدانانی ئیستراتیژیەتی هیور کردنەوە و دامەزراندنەوەی ئەو کەسانەی کە ئەو حالەتەیان بۆ هاتوتە پیش .

تیبینی: قەرەبو کردنەوەکان و یارمەتی یەکان بە پێی ئەو بریار و ڕاسپاردنانە دەبێت کە بە بڕیاری وەزیری وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەردەچن ,هەروەها هەرچین وتوێژیکی ئاوارە بە پێی ئەو پێناسەی کە هەیەتی رەفتاری لەگەلدا دەکریت .

4. ڕاگەیاندن و پی گەیاندنی زانیاری پێویست:

- ✓ چاپ کردنی و بلاو کردنەوەی ری نەمایی یەکان و زانیاری یەکان و چالاکی یەکان بە شێوەی نوسراو بینراو بیستراو وە الکترونیکی.
- ✓ چاپ کردنی نامیلکەی تایبەت وەک ری نەمایی بۆ پیدانی زانیاری بە ئاوارەکان بە گشتی سەبارەت بە یاساکان و ری نەمایی یەکان و ئەدریسی ریکخراوەکان و ئیدارەکان و لایەنەکانی تری پەیوەندیدار بە ئاوارەکان.

5. هەماهەنگی:

بۆ گەیشتن بە باشترین ریگە چارە نوسینگە کەمان هەلدەستی بە دروست کردنی پردی هەماهەنگی لەگەل:

- ✓ لیژنەکانی یاسایی و ناوخۆیی لە پەرلمانی کوردستان.
- ✓ وەزارەت و فەرمانگەکانی پەیوەندیدار بە کاروباری ئاوارەکان.
- ✓ ریکخراوە نیو دەولی تیەکان.
- ✓ ریکخراوەکانی کومەلگای مەدەنی.
- ✓ یەکە ئیداری یەکانی ناوچەکان.

تیبینی: قەرەبو کردنەوەکان و یارمەتی یەکان بە پیی ئەو بریار و راسپاردانە دەبیت کە بە بریاری وەزیری وەزارەتی ناوخۆی هەریمی کوردستان دەردوچن.هەروەها هەر چین و تویژیکی ئاوارە بە پیی ئەو پیناسەیەی کە هەیەتی رەفتاری لەگەلدا دەکریت.